# بەیاننامەی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی یەکەیانەوە

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

بەڕێزان زانایانی ئاینی ئسلامی کوردستان
ئەمساڵ، لەسایەی لوتفی خوداوەند و خۆڕاگری گەلە تێکۆشەرەکەمان و خوێنی ئاڵی شەهیدە سەربەرزو سەرفرازەکان و بوێریی و کۆڵنەدانی پێشمەرگە ئازاو نەبەزەکانمان و حیکمەت و دووربینیی سەرکردایەتی سیاسی کورد، بە تایبەتی جەنابی هێژا سەرۆك مەسعوود بارزانی، سەرۆکی کوردستان، لە کەش وهەوایەکی زۆر ئاسوودەو ئارام و ئازاددا و، لە کاتێکدا کەپرسی کوردو دۆزە ڕەواکەی لە هەموو بوارەکاندا بە ڕوونی بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوەو دەسکەوتی مەزنی وەدەستهێناوە، زۆر بەختەوەرو خۆشحاڵین کە لەم کەش وهەوا ئازادەو لە پاڵ ئەو دەسکەوتە مەزنانەدا، یادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بکەینەوە، کە **35** ساڵ بەر لە ئێستا، لە 21 /1970/9، لە گەلاڵەی ناوچەی باڵەکایەتی مەکۆی شۆڕش و شۆڕشگێڕان، بە ڕابەرایەتی هەمیشە لە یاد، خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی و، ڕاستەوخۆ لەسەردەستی ئەودا دامەزرا. ئەوگرینگی پیدانە ڕاستەوخۆیەی جەنابیشان بۆچەند هۆیێك دەگەڕایەوە لە پێش هەموویان ڕووڵی گرنگی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لە پشتگیریی کردن لە شۆڕشی پیرۆزو مەزنی ئەیلوول و وەفاو دڵسۆزی مەلایانی کورد بۆکێشەی ڕەوای کوردو ڕابەرو سەرکردەی مەزن مەلا مستەفای بارزانی.

بەڕێزان

ئێستاش، لە یادی تێپەڕبوونی **35** ساڵ بە سەر دامەزراندنی یەکێتییەکەمان یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، وێڕای پێشکەشکردنی پیرۆزبایی گەرممان بۆ هە موو زانایانی کوردستان، داوا لەو توێژە دلسۆزو بەوەفا بە ئاین و گەل و نەتەوەکەمان دەکەین ئەرکی نەتەوەیی، کە لە هە مان کاتدا، ئەرکێکی پیرۆزی ئاینیشە، ئەنجام بدەن و، بەگیانی باوەڕدارانە بەرگری لە گەل و نەتەوەکەیان بکەن، کە گەلێکی موسلمانی ستەملێکراوە و هەڵگرتن و لادانی زولم و ستەمیش لە سەرەکیترین ئەرکی ئاینی موسلمانە، پێغەمبەرمان (د. خ) لەوبارەوە فەرموویە: چاکترین کەس لە ئێوە کەسێکە پارێزگاریی و بەرگریی لە گەل و هۆزەکەی بکات.

زانایانی ئاینی بەڕیز، مامۆستایان و وتاربێژانی پایە بە رزو بەقەدر ئەرکێکی زۆر پیرۆزی ئێوەی بەڕیزە، کە لەم بارودۆخە ناسك و ئالۆزەدا، بەڕێزتان پێدابگرن و جەختبکەن لەسەر ئیدانەکردنی کارەتیرۆستیەکان، کە ئێستا، دوای ئەوەی هەموو پیلانە گلاوەکانی دوژمنانمان لە بەرامبەر ئازاییو خوڕاگریی گەلەکەمان مایەپووچ و بێبایەخ و شکەستخواردووبوون دوژمنان تووشی هیستریای بێئاکامیی دوژمنکاریەکانبوون، لە ئەنجامی سەرلێشێوانیاندا پەنایان بۆتیرۆری پاساودراو بە ئاین برد، بێئاگا لە وەی کە قێزەونترین

کار بەلای ئاینی پیرۆزیئیسلام کاری تیروستیو ئەنجامدانی کوشتنکاری، بەتایبەت کوشتنی دەستە جەمعی خەڵك و نانەوەی ئاشووب و ئاژاوەیە. بۆیە بەڕێزان، ئەرکی سەرشانی ئێوەی بەرێزە بەر لە هەموو کەس، لە وتارەکانتان لە رۆژانی هەینیوکۆڕەکانی وەعزو ئامۆژگاریەکانتان، خەڵکی موسلمان هوشیاربکەنەوە لە ترسناکی کاری تیرۆرستی و گرووپە تیرۆریستیەکان و هانی هەموو چین و توێژەکان بدەن کە ئەرکی ئاینیو نیشتمانی سەرشانی هەموومانەلە هەر پلە و پایە و کارو شوێنێکدابین چاومانکراوەبیو هاوکاربین و پیلانی دوژمنان و تیروریستان شکەست پێبێنین و بۆ هەتا هەتایە ریسواو شەرمەزاری لای خەڵك و خوایان بکەین.

مەکتەبی تەنفیزی
یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
20/9/2005